پارێزگاری هەولێر:"پرسی دەنگدانی تایبەت بەبێ هیچ کێشەك و بێ ئارامی بەڕێوە دەچێت"



ئەمڕۆ یەکشەممە،ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر، ڕایگەیاند، پرسی دەنگدانی تایبەت بەبێ هیچ کێشەك و بێ ئارامی بەڕێوە دەچێت.

خۆشناو لە کۆنفرانسکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند" سەردانی چەند بنکەیەکی دەنگدانمان کرد. بە خۆشیەوە لە سەرجەم بنکەکاندا پرسی دەنگدانی تایبەت بەبێ هیچ گرفتێك بەڕێوە دەچێت.

ئومێد خۆشناو ئاماژەی بۆ ئەوەیش کرد کە ژمارەی دەنگدەرانی تایبەت لە پارێزگای هەولێر 111 هەزار و 839 کەسن کە لە 79 بنکە و 385 وەستگە دەنگ دەدەن ، وتیشی "کێشەی نەخوێندنەوەی پێنجەمەر نەماوە، ئامێرکانیش تازەن و تا ئێستا گرفتی گەورە هەوویان نەداوە. سوپای هەموو لایەنکان دکەم بە بەشداریییان لە ئامادەکاریی بۆ ئەم پرۆسە گرنگە".

لە سەردانکێدا پارێزگاری هەولێر، دوای ئەوەی بەدواداچوونی بۆ چێنێتی بەرەوپچوونی پڕۆسەکە کرد و سەردانی چەند وەستگێکی دەنگدانی کرد، تێئکیدی لە تەواوی ئامادەکارییەکان کردەوە، لە کۆنگرێکی ڕۆژنامەوانیشدا وتای دەستخۆشی لە نووسینگەی هەولێری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنکانی عێراق ، دەنیایێدا پرۆسەکە بە ئارامی و بە کێشە و بەسەرکەوتووی لەسنووری پارێزگای هەولێر بەڕێوەدەچێت.

ئاشکراشی کرد وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچییەکی لە توانادا بووە کراوە، تاکو پرۆسەکە بە ئارامی و دروستی بە کێشە و گرفت بەڕێوە بچێت.

ئاماژەشی بۆش دا ، تاکو ئیستە هیچ گرفتکی وا نەبووە ببێتە هۆی لە کارخستن یاخود دواخستنی پرۆسەکە، پڕۆسەکە زۆر بە باشی بەڕێوەچووە و ئامادەکارییەکانیان بە باشی کراوە.

لە کاتژمێر 07:00ــی بەیانیی ئەمڕۆ یەکشەممە، 2025.11.9، پرۆسەی دەنگدانی تایبەت بە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستی پێ کرد و تاکو کاتژمێر 06:00ــی ئێوارە بەردەوام دەبێت، لە بازنەی هەولێر (111 هەزار و 839) دەنگدەری تایبەت هەن، (85 هەزار و 793) یان خەڵکی ئەو پارێزگایەن. بەوپێیە 26 هەزار و 46 دەنگدەری تایبەت خەڵکی دەرەوەی پارێزگاکەن و لە (79) بنکە و (385) وەستگە پێسکە بەهەوددچێت کە (3) وەستگەیان تایبەتن بە ئەوانەی دەرەوەی پارێزگای هەولێر . دووسبەیش سێشەممە، 2025.11.11، هەڵبژاردنی گشتیی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق بەهەوە دەچێت.